

KCCRC

Political Studies PS

# پرسی کورد لە ئایندەی سیاسی سوریا

٣٥ زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Political Studies PS

# پرسی کورد لە ئایندەی سیاسی سوریا

محەمەد ئەحمەد، سەرکەوت جەلیل

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٣٥

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

ئایاری ٢٠١٨

# پرسی کورد لە ئایندەی سیاسی سوریا

محەمەد ئەحمەد، سەرکەوت جەلیل

**پێشەکی:**

ئاڵـۆزی و ململانـێ سیاسـییەکانی سـوریا پێـی ناوەتـە قۆناغێکـی نـوێ و هەسـتیارەوە. سـوریا بەهـۆی گرنگی پێگەی جیۆپۆلەتیکی و سیاسیەوە بووتە هۆی گرنگیپێدانی وڵاتانی هەرێمی و سەروو هەرێمی، کە هەریـەک لـە وڵاتانـی ئەمریـکا، ڕوسـیا، بەشـێک لـە وڵاتانی یەکێتـی ئەوروپـی، تورکیـا، سـعودیە و ئێـران قەیرانەکانـی سـوریا هـەم وەک مەترسـییەک بـۆ سـەر ئاسـایش و بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و هـەم وەک دەرفەتێـک بـۆ جێبەجێکردنـی ئەجینـدای سیاسـی و ئامانجەکانـی دەرەوە دەبینـن. بەشـێوەیەکی گشـتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و لـە سـەرووی هەموویانەوە وڵاتە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا قەیرانـە سیاسـییەکانی سـوریا وەک دەرفەتێـک دەبینـن بـۆ لاوازکردنـی ڕژێمـی سـوریا، پێگـە و هەژموونـی هەریـەک لـە ڕوسـیا و ئێـران لـە ناوچەکـە و پاراسـتنی زیاتـری سـەقامگیری ئاسایشـی وڵاتانـی هاوپەیمانـی ناوچەیـی بەتایبـەت ئیسـرائیل. هەروەهـا هەریـەک لـە وڵاتانـی سـعودیە و تورکیـا هەوڵـدەدەن گۆڕانکارییـە سیاسـییەکان وەک دەرفەتێـک بقۆزنـەوە بـۆ پڕڕەنگکردنـی ڕۆڵـی ناوچەیـی و لاوازکردنی ڕکابەرە هەرێمییەکانیان کە ئێرانە و، لەو ڕێگەیـەوە جارێکیتـر هاوسـەنگی هێـز لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە سـوود و قازانجـی خۆیـان دابڕێژنـەوە. هەرچـی ڕوسـیایە، لـە ڕێگـەی پاڵپشـتیيە سیاسـی، دیبلۆماسـی و سـەربازییەکانی دەیەوێـت هەژموونـی خـۆی لـە سـوریا و ناوچەکـە بـە گشـتی بپارێزێـت و، ڕووبـەڕووی هـەر گۆڕانکارییـەک ببێتـەوە کـە لەگـەڵ بەرژەوەندییەکانیـدا کـۆک و هاوئاراسـتە نەبێـت. بۆیـە دەبینیـن، لەمـڕۆدا سـوریا بـووە بـە ناوەنـد و مەیدانێکـی ململانێـی سیاسـی ئاڵـۆز و بەریەککەوتنـی بەرژەوەنـدی و ئەجینـدای هێـزە هەرێمـی و سـەروو هەرێمییـەکان، کـە هەریـەک لـەو هێزانـە هەوڵـدەدەن نەخشـەی سیاسـی سـوریا بەپێـی بەرژەوەندیـی و ئەجینـدای سیاسـی خۆیـان دابڕێژنـەوە. ئـەوەی لێـرەدا بـۆ ئێمـە گرنگـە ئایندەی فیدراسیۆنی دیموکراتی باکوری سـوریا (ڕۆژاڤا)یـە لـە نێـو ئـەو هاوکێشـە سیاسییانەدا، کـە ئایا دۆزی کـورد و ئاینـدەی سیاسـی ڕۆژاڤـا لـە نێـو ململانـێ سیاسـییەکاندا بـە کـوێ دەگات؟ وڵاتانـی بەشـداربوو لـە قەیرانـی سیاسـی سـوریا چـۆن دەڕواننـە دۆز و پرسـی کورد؟ گۆڕانکارییەکان بە سوود و قازانجی پرسـی کـورد کۆتاییـان دێـت یاخود بەپێچەوانەوە؟ لـەم توێژینەوەیـەدا، هەوڵدەدەیـن وڵامـی ئـەو پرسـیارانە بدەینـەوە و، ئامـاژە بـە ئەجینـدای سیاسـی وڵاتـان و دۆزی کـورد لـەو نێوەنـدەدا بکەیـن.

**باسی یەکەم: قەیرانەکانی سوریا و فیدراسیۆنی دیموکراتی باکوری سوریا (ڕۆژاڤا)**

دوابـەدوای دروسـتبوونی ناڕەزایـی جەمـاوەری و ئاڵۆزبوونـی بارودۆخـی سیاسـیی سـوریا، حکومەتـی بەشـار ئەسـەد بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی گروپـە ئۆپۆزسـیۆنە چەکدارەکان و کۆکردنـەوەی هێزەکانـی بـۆ پاراسـتنی دەسـەڵاتی ناوەنـد لـە دیمەشـق، هێـزە سـەربازییەکانی لـە شـارە کوردییەکانـی باکـوری ئـەو وڵاتـە پاشەکشـە پێکـرد. ئـەو دۆخـە نوێیـە، هۆکارێـک بـوو بـۆ دروسـت بوونـی بۆشـاییەکی سیاسـی، سـەربازی و ئیـداری لـە ناوچەکـەدا، کـە دواتـر لەلایـەن پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی (PYD) و یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل (YPG) باڵـی لەشـکری ئـەو پارتـە پڕکرایـەوە. شـەڕ وپێکدادانـە چەکدارییەکانـی تەنیـا ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی سـوریای نەگرتـەوە، بەڵکـو پەلیکێشـا بـۆ ناوچـە کوردییـەکان و، لـە مـاوەی سـاڵی (٢٠١٣) چەندیـن شـەڕ و پێکچـوون لـە نێـوان (YPG) و هێـزە ئۆپۆزسـیۆنە ئیسـلامییەکانی وەک بـەرەی



KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

نوسره و ئەحرار شام دروست بوو، کە دواتر ئەم شەڕانە لەلایەن ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» بەڕێوەبران(١). یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەکاندا توانی ئەزموونێکی گەورەی شەڕی گروپە تیرۆریستییەکان وەربگرێت و وەک یەکێک لە هێزە کاریگەرەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی و چەکداری سوریا خۆی نمایش بکات، ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ ڕاکێشانی سەرەنجی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. پەیەدە کە بە پارتی باڵادەستی ڕۆژئاوای کوردستان دادەنرێت، لە ئێستادا خاوەنی هەژموونێکی گەورەیە بەسەر پارت و لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی ڕۆژئاوا. سەرەڕای ئەو ڕەخنانەی لێی دەگیرێت لەبارەی پەیوەندی بە پەکەکە، دژایەتی هێزە ئۆپۆزسیۆنە عەرەبی-سونیەکان، ململانێی هێزە سیاسییەکانی تر و پەیوەندی لەگەڵ دیمەشق، بەڵام بە فۆکس کردن لەسەر پاراستنی ناوچە کوردنیشنەکان و بەرقەرارکردنی ئیداریەکی خۆبەڕێوەبەری، جیاوازی نەکردن لە نێوان گروپە جیاوازە ئەتنی، کولتووری، نەتەوەیی، دینی و مەزهەبییەکان، توانیویەتی جێپێی خۆی لەو پارچەیەدا بەتەواوی پتەو بکات. لەمڕۆدا بەرپرسانی ڕۆژئاوای کوردستان بەهۆی ئەو پێگە بەهێزەی کە لە باکوری سوریا هەیانە، توانیویانە پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی هاوشێوەی ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا بەرقەرار بکەن و لە ئاستێکی باڵادا مامەڵەی سیاسی و سەربازی بەڕێوەببەن(٢). پەیەگە بە سەرکەوتنی لە شەڕی کۆبانی، ئەوەی پیشانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و دنیادا کە کاریگەرترین هێزی سەرزەمینی سوریایە. لەو کاتەوە، پەیەگە لەلایەن هاوپەیمانی جیهانی دژ بە ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» وەک هێز و هاوپەیمانێکی گرنگ دەژمێردرێت. پەیەگە سەرکەوتوو بوو لە بەستنەوەی کانتۆنەکانی جەزیرە و کۆبانێ و ئازادکردنی چەندین ناوچەی ژێر دەستی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی. بەپێی ئایدیۆلۆجیای کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک هیچ جیاوازییەک نیە لە نێوان گروپە نەتەوە، ئێتنی و مەزهەبییە جیاوازەکان، بۆیە پەیەدە پێشەنگ بوو لە دامەزراندنی ئەڤگەری جڤاکی دیموکراتیک (TEV-DEM)، هەروەها پێکهێنانی هێزێکی سەربازی بەناوی هێزەکانی سوریای دیموکرات (Syrian Democratic Forces) لە سەرجەم پێکهاتەجیاوازەکانی سوریا. لە کۆتا هەنگاویشدا، فیدراسیۆنی دیموکراتی باکوری سوریا لە (١٧ ئازاری ٢٠١٦) ڕاگەیەنرا و لە چەندین وڵاتی ڕۆژئاوایی نوسینگەی نوێنەرایەتی دیبلۆماسی بۆ کرایەوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی پشتیوانی سیاسی نێودەوڵەتی(٣).

**ئەمریکا دەیەوێت لە ڕێگەی هێزە لۆکاڵیە هاوپەیمانەکانییەوە لە عێراق و سوریا بەرەنگاری مەیلە فراوانخوازییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتەوە و چالاکییە هەرێمییەکانی سنوردار بکات**

یەکێک لە بەربەستەکانی پێش ئەزموونی سیاسی ڕۆژاڤا و پارتی یەکێتی دیموکرات گرێداوییانە بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە. پەیەدە بەشێوەیەکی تەواوەتی نکۆڵی لە بوونی لینکی خۆی لەگەڵ پەکەکە ناکات، بەڵکو ئەوان وەک هێزێکی ناوچەیی (سوری) خۆیان بەیان دەکەن، کە لەژێر کاریگەری ئایدیاکانی عەبدوڵا ئۆجەلان دان. ئەو وابەستەییە ئایدۆلۆجیە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لەسەر سیاسەتەکانی پەیەدە و زۆرجار وەک بڕیاری

یەکەکە دەردەکەوێت لە سوریادا. هەروەها یەکەکەش دۆخی سوریا و دیفاکتۆی سیاسی ڕۆژئاڤا وەک دەرفەتێکی مێژوویی گرنگ دەبینێت بۆ جێبەجێکردنی ئامانج و بەهێزکردنی پێگەی چی لە ڕۆژئاڤا و چی پارچەکانی دیکەی کوردستان(٤). بەگشتی، کوردەکان لەو پارچەیەدا بەدوای دەرفەتێک دەگەڕان تاوەکو بتوانن ڕۆڵی سیاسی و نەتەوەیی خۆیان بەرجەستە بکەن. «بەهاری عەرەبی» و ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» ئەو دەرفەتەیان هێنایە پێشەوە، کە کوردان لەوێ بتوانن

> **بەرپرسانی ئێران دژ بە هەر هەوڵێکی جوداخوازانەی هێزە کوردییەکانن، لەبەرامبەریشدا نکۆڵی لە مافە نەتەوەیی و مەدەنییەکانی کورد لە سوریا ناکەن**

بۆ یەکەمجار لە مێژوودا خۆیان کاروباری گشتی ناوچەکانیان بگرنە ئەستۆ و، لە ژێر ڕێکخستنی مۆدێلی کانتۆندا خۆبەڕێوەببەن. لە ئێستادا بەشێوەیەکی تاک لایەنانە سیستەمی فیدراڵییان لە سوریا ڕاگەیاندووە. هەروەها، ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لە ئێستادا لە نێوان بەرپرسانی کوردستانی ڕۆژئاوا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا هەیە لە ئاستێکی بەرزدایە و، هەماهەنگییەکانی هێزی ئاسمانی وڵاتانی هاوپەیمان لەگەڵ پێشڕەوییە زەمینییەکانی شەڕڤانان بووەتە هۆی ئازادکردنەوەی چەندنین ناوچە لە خاکی سوریا، کە پێشتر لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، لەوانە کۆبانی، گرێ سپی، منبج و ڕەققە. لە ئێستادا، یەپەگە کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری ناوچە نەوتی و ستراتیژیەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریای کردووە و وەک هێزێکی کاریگەر و ڕێکخراو، خۆی نمایش کردووە.

## باسی دووەم: سوریاو ڕۆژئاڤا لە ئەجێندای سیاسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

لەگەڵ تێکچوونی بارگرژییە ناوخۆییەکانی سوریا، ئەمریکا هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی سیاسی ئەو وڵاتە و شێوەدان بە ڕووداوەکان بەپێی ئامانج و بەرژەوەندییە دەرەکییەکانی. ئەمریکا تەنیا لە کاتی تۆمەتبارکردنی ڕژێمی بەشار ئەسەد نەبێت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، بەشێوەیەکی گشتی، سیاسەتی لە دروستبوونی ئاڵۆزییە سیاسی و چەکدارییەکانی سوریا بە ئاراستەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی نەبووە دژ ڕژێمی بەشار ئەسەد، بەڵکو باراک ئۆباما لەگەڵ کەمڕەنگ کردنی هێزی سەربازی وڵاتەکەی بوو لە ناوچەکەدا. ئەمریکا بەشێوەیەکی کرداری تەنیا لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانی بۆسەر بنکە و یەکەکانی ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» و خۆپاراستن لە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سووپای سوریا، هاتە نێو ڕووداوەکانەوە، ئەویش لە دوای گەمارۆدانی شاری کۆبانی و لە دیسەمبەری ساڵی (٢٠١٤). هاوشێوەی ماوەی سەرۆکایەتی ئۆباما، ئیدارەی (دۆناڵد ترامپ)یش خۆی دەپاراست لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەشار ئەسەد، بەڵام لە سەروبەندی تۆمەتبارکردنی ڕژێمی سوریا بە بەکارهێنانی چەکی کیمیای دژ بە خەڵکی سیڤل، ڕوانینی ترامپ و ئیدارەکەی بەرامبەر بە ڕژێمی سوریا و بەشار ئەسەد گۆڕی، بە جۆرێک ترامپ بەشێوەیەکی تووند هێرشی کردە سەر کەسایەتی بەشار ئەسەد و بە ئاژەڵ ناوی برد(٥).

لە دوایین پێشهات و بە تۆمەتبارکردنی حکومەتی سوریا بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە شارۆچکەی دۆما (لە غوتەی ڕۆژهەڵات) لە (٢٠١٨/٤/٧)، بەرپرسانی کوشکی سپی و بەشێک لە بەرپرسانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی کاردانەوەی توندیان نواند و حکومەتی بەشار ئەسەدیان بە بەزاندنی هێڵی سور تاوانبارکرد. لەو چوارچێوەیەدا، نوێنەری ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان نیکی هالی (Nikki Haley) ڕایگەیاند، حکومەتی سوریا لانیکەم پەنجا جار سوودی لە چەکی کیمیای وەرگرتووە بۆ لەناوبردنی گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان لە ماوەی حەوتی ساڵی جەنگی ناوخۆیی ئەو وڵاتە، ئەویش لە کاتێکدا بەکارهێنانی ئەو چەکە بە تاوانی جەنگ هەژمار دەکرێت. هەروەها ئاماژەی بەوەدا پێویستە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بگەن بە ڕێککەوتنێک لەبارەی ئەنجامدانی کردەی سەربازی، کە لە بنەڕەتدا ڕێزگرتن دەبێت لەو پرەنسیپانەی کە هەموو دەوڵەتان کۆکن لەسەری(٦).لە ئەنجامدا، بەمەبەستی لەکارخستنی ناوەندەکانی چەکی کیمیایی، هەرسێ وڵاتی ئەمریکا، فەرەنسا و بەریتانیا لە (٢٠١٨/٤/١٤) لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانییەوە زیاد لە سەد موشەکیان بۆ ئەو بنکە سەربازییانە ئاراستەکرد، کە گومانی بوونی چەکی کیمیایی تێیاندا دەکرا.

بەگشتی، لەمڕۆدا ئەمریکا بە یەکێک لە هێزە کاریگەرەکانی گۆڕەپانی سیاسی سوریا دادەنرێت. ئەو وڵاتە بە پشتگیرکردن و یارمەتییە سەربازی، لۆجستی و زانیارییەکانی هەوڵی بەهێزکردنی هێزەکانی سوریای دیموکرات (SDF) و هێزە کوردییەکان دەدات، کە لە بنەڕەتدا هەوڵێکن بۆ تێکشاندنی ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» و جێبەجێکردنی ئەجێندای سیاسی خۆی لە سوریا. بەراورد بە ماوەی سەرۆکایەتی باراک ئۆباما، لە دوای هاتنەسەر دەسەڵاتی دۆناڵد ترامپ هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ ئەو هێزانە زیدەتربوون. ئیدارەی ئەمریکا لە مانگی ئایاری ٢٠١٧ ڕایگەیاند کە پێدانی چەک و مەشق و ڕاهێنانە سەربازییەکانمان بە هاوپەیمانەکانمان لە سوریا زیاتر دەکەین، بەو شێوەیەش بەردەوام بوو(٧).

لاوازی گروپە ئۆپۆزسیۆنە عەرەب-سونییەکان هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەت پشتیوانیەکانیان بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات و هێزە کوردییەکان زیاتر بکەن، هەروەها پێگەی خۆیان لە ناوچە کوردییەکان بەهێزبکەن، ئەویش بۆ دروستکردنی باڵانس لەگەڵ هەژموونی ڕوسیا لەو وڵاتەدا، ئەمەش لە کاتێکدا لە (٢٠١٧)ـەوە ڕژێمی سوریا ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ یارمەتیە سەربازییەکانی ڕوسیا، ئێران و گروپە میلیشیاییەکانی وەک حیزب اللە و ئەوانیدی، بەهێزتر بووە و بەشێکی بەرچاوی خاکەکەی گێڕاوەتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەوانە دەرعا و ناوچەکانی دەیرەزوور و بەشێک لە غوتەی ڕۆژهەڵات، ئەمریکا دەیەوێت لە ڕێگەی هێزە کوردییەکانەوە هەم پێگەی خۆی لەو وڵاتەدا جێگیر بکات و هەم هەوڵی لاوازکردنی حکومەتی سوریا و هاوپەیمانەکانی بدات(٨).

لە ئێستادا، بەپێی ڕاپۆرتی فەرمی حکومەتی ئەمریکا، کە لە مانگی دیسەمبەری (٢٠١٧) بڵاوکراوەتەوە، نزیکەی (١٢٠٠٠) سەربازی ئەمریکی لە سوریا بوونیان هەیە، کە ئەرکی سەرەکیان ڕاهێنان و پێدانی یارمەتی سەربازییە بۆ ئەو هێزە لۆکاڵییانەی کە وەک هاوپەیمانی ئەمریکا دژ بە تیرۆر دەجەنگن. لە چوارچێوەی پرۆگرامی یارمەتی سەربازییدا، زیاد لە دوازدە هەزار شەڕڤان ڕاهێنانیان پێکراوە، کە نزیکەی یازدەی هەزاری لە نێو ڕیزی هێزەکانی سوریای دیموکراتدا جێگەیان گرتووە. هەروەها لەبارەی ئایندەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا (ریکس تیلەرسن)، لە لێدوانێکیدا کە لە مانگی یەکی (٢٠١٨) پێشکەشیکرد، ڕایگەیاند، لەپاڵ لەناوبردنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی،یەکێک لە ئامانجەکانی ئەمریکا لە سوریا، لاوازکردنی پێگە و هەژموونی ئێرانە لەو وڵاتەدا. لەلایەکیتر، یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی

سووپای ئەمریکا (جۆزێف ڤۆتێل – Joseph L. Votel) ئاماژەی بەوەدا کە دوای شکستهێنان بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی یەک ئەرکیتر دەمێنێت، کە ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران دەبێت. ئەمریکا دەیەوێت لە ڕێگەی هێزە لۆکاڵیە هاوپەیمانەکانییەوە لە عێراق و سوریا بەرەنگاری مەیلە فراوانخوازییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتەوە و چالاکییە هەرێمییەکانی سنوردار بکات(٩). دەکرێت بەو ئەنجامە بگەین، ئامانجی ئەمریکا لە سوریای ئێستادا ڕووخاندنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد نیە، ئەمەش لە لێدوانی بەرپرسانی ئەمریکا ڕوون بوویەوە، لە دوایین هەڵمەتە سەربازییەکانیان بۆ سەر یەکە سەربازییەکانی سوریا لە مانگی نیساندا، بەڵکو بە گشتی هەوڵ بۆ پاراستنی پێگەی وڵاتەکەیان لە ڕێگەی هێزە کوردییەکان و لاوازکردنی هەژموونی هەریەک لە ڕوسیا و ئێران دەدەن، سەرەتا لە سوریا و دواتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**باسی سێیەم: سوریاو ڕۆژاڤا لە ئەجێندای سیاسی ڕوسیا**

ڕوسیا لە دەستپێکی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی جەماوەری سوریا و هەوڵەکان بۆ گۆڕینی ڕژێمی سیاسی ئەو وڵاتە، بەگرتنەبەری ئامرازەکانی سیاسی، دیبلۆماسی، ئابووری، هەواڵگری و سەربازی هەوڵی پاراستن و بەهێزکردنی حکومەتی سوریای داوە، لە بەرامبەریشدا دژ بە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ناتۆ بووە، کە لەو وڵاتەدا ئەنجام بدرێت. لە دیدی بەرپرسانی کریملین گۆڕینی ڕژێمی سیاسی ئەو وڵاتە دەبێتە هۆی دروستبوونی مەترسی گەورە لەسەر پێگە و بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا لە سوریا بەتایبەت و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی. ئەگەر ئەو گۆڕانکارییانە لە ڕێگە و بە پێی پلانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئاراستە بکرێت، هەژموونی ڕۆژئاوا لە ناوچەکە بەهێزتر و مەترسییەکان لەسەر ناوچەکانی دەرەوەی نزیک (وڵاتانی جیابووەوەی یەکێتی سۆڤیەت) زیاتر دەکات. بۆیە، ڕوسیا دژ بە دەرکردنی هەر بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان وەستاوەتەوە کە هەڵبژاردەی دەستێوەردانی سەربازی لەو وڵاتەدا خستبێتە بەرباس(١٠).

سوریا بە دۆستێکی دێرینی ڕوسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژمێردرێت، بۆیە گۆڕانکارییە سیاسییە ناوخۆییەکانی سوریا جێگەی بایەخ و گرنگپێدانی بەرپرسانی ڕوسیا بوو. لە دیارترینهۆکارەکانی گرنگی سوریا بۆ ڕوسیا، دەکرێت ئاماژە بە چەند بابەتێک بکرێت، لەوانە: گرنگی پێگەی جیۆپۆلەتیکی و جیۆستراتیژی سوریا، هاوپەیمانی دێرینەیی سوریا-ڕوسیا، بوونی بنکەی دەریایی تەرتوس لە

> **ڕوسیا دژ بە هەر گۆڕانکارییەکی سیاسییە نەك تەنیا لە سوریا، بەڵکو لە ناوچەکە بە گشتی، کە بە قازانج و سوودی وڵاتانی ڕۆژئاوایی کۆتایی پێبێت**

کەناراوەکانی سوریا، بوونی بەرژەوەندی ئابووری، بوونی چەندین ڕێککەوتننامە لە بواری سەربازی و ئابووری و وزەیی نێوان هەردوو وڵات، ڕێگری لە هەژموونی ڕۆژئاوا لە ناوچەکە، بێمتمانەیی ڕوسیا لە دەستێوەردانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە دۆسیەی سوریا و دووبارەبوونەوەی سیناریۆی لیبیا. بۆیە، ڕوسیا نایەوێت دۆستێکی تری لە ناوچەکە، هاوشێوەی لیبیا و عێراق لە دەستبدات(١١).

دوابەدوای ئەوەی سووپای سوریا لە ساڵی (٢٠١٥) ڕووبەڕووی کۆمەڵێک شکست بوویەوە و، بەرەو

لاوازی زیاتر و لە دەستدانی ناوچەی زۆرتر دەڕۆشت، ڕوسیا لەسەر داوای فەرمی حکومەتی سوریا هێزی سەربازی خۆی ڕەوانەی ئەو وڵاتە کرد بۆ پاڵشتی لە سووپای سوریا و تێکشاندنی گروپە تیرۆریستییەکان، کە پێش هەر شتێک دەستێوەردانی ڕوسیا پەیوەندی بە پاراستنی پێگە و هەژموونی ناوچەی ئەو وڵاتەوە هەبوو. ڤلایمیر پۆتین لە ئۆکتۆبەری (٢٠١٥) ئاماژەی بەوەدا، کەوتنی ڕژێمی سوریا تەنیا گروپە تیرۆریستییەکان بەهێزتر دەکات، بۆیە پێویستە لەبری لێدان لە حکومەتی سوریا، زیندووی بکەینەوە و دامەزراوە حکومییەکان بەهێزبکەین، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە گیرۆدەی جەنگن(١٢).

ڕوسیا لە مانگی ئەیلولی ساڵی (٢٠١٥) هەستا بە کردنەوەی بنکەیەکی سەربازی لە باکوری خۆرئاوای شاری لازقیە، کە ئەو ناوچەیە لەژێر دەسەڵاتی سووپای سوریای سەر بە ڕژێمی بەشار ئەسەد دابوو. لەدوای جێگیربوونی هێزە سەربازییەکانیان، ڕوسیادەستیکرد بە ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بنکە و بارەگای ئۆپۆزسیۆنی سوری، بەتایبەت بەرەی نوسرە و ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی». هەروەها لە دەریایی قەزوینەوە و بە موشەکی دوور هاوێژ بۆمبارانی ئۆپۆزسیۆنی توندڕەوی ئەو وڵاتەی کرد. هەرچەندە ئەو هێرشە بە زۆری بۆ سەر ئەو هێزانە بوون کە دژی بەشار ئەسەد لە شەڕدا بوون تا ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی». بۆیە وەک ئێبینی دەکرێت، دەستێوەردانی ڕوسیا بەشێوەیەکی کرداری لە سوریا لە دوای ئەو شکستانەوە هات کە ڕووبەڕووی سووپای ڕژێمی ئەسەد بوونەوە(١٣). وەک ئاشکرایە، لە دوای دەستێوەردانە سەربازییەکانی ڕوسیا، سووپای سوریا هێز و گوڕێکی نوێی بەبەردا هاتەوە بەشێوەیەک بەشێکی زۆری ناوچەکانی لە ژێر دەستی گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان گێڕاوەتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی دیمەشق، بەوەش پایەکانی مانەوەی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد هێندەیتر بەهێز بووە.

بۆ خوێندنەوەی هەڵویستی ڕوسیا لەبارەی ئایندەی سیاسی سوریا و پرسی کورد لەو نێوەندەدا، پێویستە لێکۆڵینەوەکان لە چوارچێوەی دیدگای ستراتیژی ئەو وڵاتە سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان ئەنجام بدرێت. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ڕوسیا دژ بە هەر گۆڕانکارییەکی سیاسییە نەک تەنیا لە سوریا، بەڵکو لە ناوچەکە بە گشتی، کە بە قازانج و سوودی وڵاتانی ڕۆژئاوایی کۆتایی پێبێت. لەو چوارچێوەیەدا، بەرامبەر هەر هەوڵێکی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی وەستاوەتەوە، کە بە ئاراستەی دەستێوەردانی سەربازی و گۆڕینی ڕژێمی ئێستای سوریا بنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەر هەر پلانێکی نێودەوڵەتی دەوەستێتەوە کە ببێتە هۆکاری دابەشبوونی یەکپارچەیی خاکی سوریا، لەو نێوەندەشدا سەربەخۆیی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکان (ڕۆژاڤا). ستراتیژییەتی ڕوسیا لە سوریا بە ئاراستەی چارەسەری سیاسی دۆزی کورد و دەستەبەرکردنی مافە مەدەنییەکانیانە لە کلێشەی سوریایەکی یەکگرتوودا(١٤).بەشێوەیەکی گشتی بەرپرسانی ڕوسیا ئەو وێنەیان پیشانداوە کە هاوسۆز و دۆستی کوردن، بۆیە هەوڵیانداوە پەیەدە ڕازیبکەن بۆ بەشداربوون لە دانیشتنەکانی تایبەت بە چارەسەری سیاسی قەیرانی سوریا و، چەندین جار ڕایانگەیاندووە، چارەسەرییە سیاسییەکان بەبێ کورد ئاکامێکیان نابێت، ئەگەرچی دەکرێت ئەو هەڵویستانە ڕەهەندێکی پراگماتی هەبێت و، سیاسەتێکی تاکتیکی و کاتی بێت.

**باسی چوارەم: سوریاو ڕۆژاڤا لە ئەجیندای سیاسیێران**

پەیوەندییە سیاسی، دیبلۆماسی، سەربازی و ئابوورییەکانی ئێران و سوریا دەگەڕێنەوە بۆ دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی (١٩٧٩)ی ئێران. گۆڕانکارییە هەرێمی و سەروو هەرێمییەکان، تایبەتمەندیی سیستەمی سیاسی، بوونی دوژمن و ڕکابەری هاوبەش، هەروەها پێویستییە ناوخۆییەکانی هەردوو وڵات هۆکارگەلێک بوون بۆ بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکان و لێکنزیکبوونەوەی زیاتری هەردوو وڵات. جێی ئاماژەیە، لە دوای دروستبوونی نارەزاییە



KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

جەماوەرییەکانی سوریا و دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان لەو وڵاتەدا، پەیوەندییەکانی ئێران-سوریا قۆناغێکی نوێی بەخۆیەوە بینیووە. سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە دۆخی سیاسی سوریا لەسەر سێ بنەما دارێژراوە، ئەوانیش: کۆتاییهێنان بە توندوتیژییەکان، رێگری لە دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان و دەستپێکردنی چاکسازی سیاسی ناوخۆیی. بەرپرسانی ئێران کەوتنی رژێمی بەشار ئەسەد بە والاتربوونی دەستی وڵاتانی رۆژئاوایی و ئیسرائیل لە ناوچەکە لەقەڵەم دەدەن، بۆیە دژ بە هەر گۆڕانکارییەکی سیاسیین، کە ببێتە هۆی لەناوچوونی رژێمی ئێستای سوریا و رۆشتنی بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا(١٥).

دەکرێت لە چوارچێوەی پاڵپشتییەکانی ئێران بۆ حکومەتی سوریا، ئاماژە بە چەند خاڵێک بکرێت، لەوانە:

١. هێزە هەرێمییەکانی وەک تورکیا و سعودیە ئاڵۆزییە سیاسییەکانی سوریا وەک دەرفەتێک دەبینن بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەر یەک لەو دەوڵەتانە دەیانەوێت سوریا وەک ئەڵقەیەکی گرنگی ئێران لەگەڵ حزب اللە (لوبنان) و حەماس (فەڵەستین) بپچڕێنن و، بە لاوازکردنی پێگەی هەرێمی ئێران، گۆڕانکارییەکان بە سوودی بالادەستی هەرێمی خۆیان بشکێننەوە.

٢. سوریا تەنیا وڵاتی عەرەبییە کە لەبەرەی دژ بە ئیسرائیل وەستاوەتەوە و بە هاوپەیمانێکی ستراتیژی ئێران دەژمێردرێت. هەردوو وڵات ئیسرائیل وەک مەترسییەک دەبینن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەیان و بە دووژمنێکی هاوبەشی لە قە ڵە مـدە دە ن .

٣. سوریا بۆ چەندین ساڵە بە یەکێک لە دەروازە گرنگەکانی ئێران دادەنرێت بە رووی وڵاتانی عەرەبی و دەریای سپی ناوەڕاست.

٤. سوریا بە بازنەیەکی گرنگی بەرگری (مقاومت) دادەنرێت، کە کەوتنی رژێمی سوریا بە مانای پچڕانی ئێران بە بازنەی بەرگری لوبنان و فەڵەستین دێت، ئەوەش خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکە مسۆگەر دەکات.

٥. نیگەرانی و ترس لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئەو هێزانەوە، کە دژ بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێرانن و دۆستی وڵاتانی رۆژئاواییین(١٦).

بۆیە دەکرێت بە روونی ئاماژە بەوە بکرێت، کە هەر لە سەرەتای دروستبوونی بارگژییەکانەوە ئێران وەک پارێزەر و پاڵشتیکاری رژێمی سوریا دەرکەوتووە و دژ بە هەر دەستێوەردانێکی سەربازی وڵاتانی

> ”
> **کۆنترۆڵکردنی بیرە نەوتەکانی وەک رمێلان و ئەلعومەریش بۆ دانوستانیان لەسەر پرسی ئۆتۆنۆمی و ئایندە کورد لە سوریا، خراپ نیین**
> “

رۆژئاوایی لەو سوریادا وەستاوەتەوە.لەبارەی رۆژاڤاشەوە، ئەجێندای سیاسی ئێران بەرامبەر بە فیدراسیۆنی دیموکراتی باکوری سوریا (رۆژاڤا) دەبێت لە چوارچێوەی ئایندەی سوریا و رژێمی بەشار ئەسەد خوێندنەوەی بۆ بکرێت. لە دیدی بەرپرسانی ئێران ئەو رووداوانەی لە سوریا دەقەومن، سیناریۆیەکی رۆژئاواییین بۆ لابردنی بەشار ئەسەد و پچڕانی ئەڵقەی بەرگری (هیلالی شیعی)، لەبەرئەوە دژ بە هەر گۆڕانکارییەکی سیاسین لە سوریادا رێگەی بۆ خۆش بکرێت و، لە رێگەی بەردەوامی هاوکارییە سیاسی،

سەربازی و هەواڵگرییەکانەوە هەوڵی پاراستن و مانەوەی ڕژێمی سوریا دەدەن، وەک هاوپەیمانێکی سیاسی و ستراتیژی. ئەوەی پەیوەست بێت بە دۆزی کورد، بەرپرسانی ئێران دژ بە هەر هەوڵێکی جوداخوازانەی هێزە کوردییەکانن، لەبەرامبەریشدا نکۆڵی لە مافە نەتەوەیی و مەدەنییەکانی کورد لەو پارچەیە ناکەن، بەڵکو پشتگیری لە مافو پێگەی سیاسی کوردان دەکەن لە ئایندەی سوریایەکی یەکپارچە و، بە بەشێک لە پرۆسەی ئاشتەوایی و چاکسازی ئەو وڵاتەی دادەنێن(١٧).

**باسی پێنجەم: سوریاو ڕۆژاڤا لە ئەجێندای سیاسیتورکیا**

پەیوەندییەکانی سوریا و تورکیا لە دوای سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدان (٢٠٠٢) بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. بەرپرسانی تورکیا لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی «سفر کێشە» هەوڵیاندا کێشەکانیان لەگەڵ سوریا چارەسەر بکەن و پەیوەندییە سیاسی، دیبلۆماسی و ئابوورییەکانیان تا ئاستێکی باڵا بەرەوپێش ببەن. بە نسیبەت تورکیاوە، سوریا تەنیا بازاڕێکی بیست ملیۆن کەسی نەبوو، بەڵکو دەروازەیەکی گرنگ بوو بەسەر ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی سێ سەد ملیۆن کەسیدا. پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات تاوەکو بەرپابوونی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی سوریا (٢٠١١) بەردەوامی هەبوو، لەدوای دروستبوونی ئاڵۆزییەکان و تاوەکو شەش مانگی سەرەتا، حکومەتی تورکیا هەوڵیدا خۆی بە دووربگرێت لە کێشمەکێشە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە. لە کۆتاییدا و، دوابەدوای زیدەتربوونی توندوتیژی و بارگژیبە سیاسییەکان، تورکیا چووە بەرەی وڵاتانی دژ بە حکومەتی بەشار ئەسەد تا ئاستی هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی. ئۆردوگان قەیرانی سیاسی سوریای وەک دەرفەتێکی مێژووی دەبینی بۆ ڕۆڵگێرانی زیاتر و بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی تورکیا، لەو چوارچێوەیەدا دەروازەکانی کردەوە بە ڕووی پەنابەرانی سوری و یارمەتی گروپە نارەزاییەکانی دەدا بۆ خۆڕێکسخنن و خۆئامادەکردن بۆ قۆناغی دوای بەشار ئەسەد و ئاڵوگۆڕییە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە(١٨).

سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر بە قەیران و ئایندەی سیاسی سوریا و فیدراسیۆنی دیموکراتی باکوری سوریا (ڕۆژاڤا) دەبێت لە کۆنتێکستی ململانێ چەکدارییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) خوێندنەوەی بۆ بکرێت. تورکیا لە دەستپێکی خەباتی چەکداری پەکەکە (١٩٨٤) تاوەکو ئەمڕۆ لە هەوڵی لەناوبردنی ئەو ڕێکخراوە چەکداری-سیاسیەدایە و، لەو پێناوەشدا خەرجییەکی ماددی و گیانی گەورەی بەخشیوە. تورکیا لەمڕۆدا بە یەکێک لە بکەرە سەرەکییەکانی ململانێ و بارگرژییەکانی سوریا دادەنرێت. ئەو وڵاتە لە دوای دروستبوونی نائارامییەکانەوە، لە ڕێگەی پشتیوانی لە ئۆپۆزسیۆنی سوریا، بە ئاراستەی ڕوخاندنی ڕژێمی بەشار ئەسەدی هەنگاوینداوە، لە ئێستاشدا لە ڕێگەی سووپای ئازاد کە ئۆفیسی سەرەکی دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، هەوڵی فراوانخوازی و لاوازکردنی پێگەی کورد و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی دەدات. هەوڵەکانی لە دژایەتی کیانی فیدراسیۆنی دیموکراتی باکوری سوریا (ڕۆژاڤا) و پەلامارە سەربازییەکانی بۆ سەر بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکان، پێش هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەگەری بەهێزبوونی پەکەکە لە سوریادا. بەرپرسانی تورکیا بەهێزبوونی پەکەکە وەک مەترسیەک بۆ سەر ئاسایش و یەکپارچەیی خاکی خۆیاندەبینن. لەو چوارچێوەیەدا، تورکیا پارتی یەکێتی دیموکراتی بە لقی سوریای پارتی کرێکارانی کوردستان دەبینێت، کە بەهێزبوونی پەیەدە دەتوانێت کاریگەر بێت لەسەر چالاکتربوونی پەکەکە و بزوتنەوەی جوداخوازانی کورد لە تورکیا(١٩).

بەرپرسانی تورکیا نیگەرانن لەوەی کە ڕۆژئاوای کوردستان ببێتەوە بە قەندیلێکی دیکە و لەوێوە سنوری باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە بکەوێتەبەر پەلاماردانەوە. بۆیە، لە دیدی بەرپرسانی باڵای تورکیا، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پەیەدە دەتوانن

ببن بە بنکەی مانەوەی گەریلاکانی پەکەکە و، سەنگەرێکی بەرین و نوێ بۆ پەلامارەکانیان بۆ سەر تورکیا، کە ئەوەش ئاسایش و یەکپارچەیی ئەو وڵاتە دەخاتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە. ڕەجەب تەیب ئۆردوگان بە بەردەوامی ئەوەی ڕاگەیاندبوو، لە هەر ساتێکدا ناوچە کوردییەکان ببن بە خاڵی هەڵمەتە پارتیزانەکانی پەکەکە، تورکیا دەستوەستان نابێت لە وڵامدانەوە و ناردنی هێز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان(٢٠).

جێی ئاماژەیە، نزیکەی(٢٩ بۆ ٣٥) ملیۆن کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژین، کوردستان دابەشبووە بەسەر چەند دەوڵەتێکی جیاواز، کە لە نێو خۆیاندا یەکپارچە نین، بەڵکو لە ڕووی شێوەزار (زمان)، وەفاداری قەبیلەیی و سیمبوڵی نەتەوەیی جیاوازن، هەروەها چەندین ئاین و ئاینزا لە نێو کورداندا بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی کوردستانی ڕۆژئاوا جیادەکاتەوە لە پارچەکانیدی و دەیبەستێتەوە بە کوردستانی باکور (کوردستانی تورکیا) هاوچوون یەکیانە لە ڕووی سیاسی، ئایدۆلۆجی، زمانی و کولتوورییەوە، ئەو فاکتەرانە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە پێکەوە لکانی ئەو دوو پارچەیەی کوردستان و نیگەرانیە ئەمنیەکانی تورکیا. لە دیدی بەرپرسانی تورکیا، مەترسییەکانی یەپەگە بە هەمان ئاستی مەترسییەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی و پەکەکە، هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەیان دەکات(٢١).

وەک ڕوونە، تورکیا ئەزموونی ڕۆژئاڤا بە هەڕەشەیەکی گەورە دەبینێت لەسەر ئاسایشی وڵاتەکەی، بۆیە هەر پێشوەچوون و بەهێزبوونێکی کیانی سیاسی ڕۆژئاڤا و هێزە چەکدارییەکانی (YPG–YPJ–SDF) دەبێتە مایەی نیگەرانی بەرپرسانی تورکیا. دوابەدوای لێدوانی وەبێژێکی هاوپەیمانی دژ بە ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» لەبارەی پێشنیاری دروستکردنی هێزێکی تایبەتی سی هەزار کەسی لە چوارچێوەی هێزەکانی سوریای دیموکرات بۆ پاراستنی سنورەکانی تورکیا و عێراق بۆ ڕێگری لە ئەگەری دروستبوونەوەی مەترسی تیرۆر، تورکیا ئۆپەراسیۆنی بۆ داگیرکردنی کانتۆنی عەفرین دەستپێکرد، کە لە بنەمادا لێدان و لاوازکردنی ئەزموونی ڕۆژئاڤا و پلانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوو لە سوریا(٢٢). بۆیە، دەکرێت ئەو ڕاستیە تێبینی بکرێت، تورکیا هەموو ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەگرێتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە سەقامگیربوون و ناساندنی فیدراسیۆنی دیموکراتی باکوری سوریا (ڕۆژئاڤا) وەک کیانێکی سیاسی، دەستوری و یاسایی لە ئایندەی سیاسی سوریادا، کەدەکرێت داگیرکردنی کانتۆنی عەفرینیش لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

## باسی شەشەم: ئەنجامگیری و سیناریۆکانی ئایندەی سیاسی سوریا و ڕۆژئاڤا

چەندین ڕاوبۆچوون و سیناریۆ لەبارەی ئایندەی سیاسی سوریا خراونەتەڕوو، کە بەشێوەیەکی گشتی بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبن. بەشێک لە لێکۆلەر و نوێژەران ڕایان وایە سەرەڕای پاشەکشێ و بێکاریگەربوونی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵام پێناچێت ناکۆکی و ململانێ سیاسی و چەکدارییەکان لە سوریا بەو نزیکانە کۆتاییان پێبێت، بەڵکو ئەو وڵاتە بەرەو لێکترازان و دابەشبوونی زیاتر دەڕوات، ئەویش بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەری سەرەکی، کە خۆیان دەبیننەوە لە:

١. لێکترازانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆجی، بە جۆرێک جیاوازییەکان لە نێو هێزە سیاسییەکاندا زیاترن لەو خاڵانەی کە پێکەوە کۆیان دەکاتەوە.

٢. دروستبوونی کێشەی ناسنامە و زەقبوونی شووناسی نەتەوەیی، دینی، مەزهەبی و قەبیلەیی، کە جێگەی کولتووری مەدەنی و پێکەوەژیانی گرتۆتەوە.

٣. دەستێوەردانی هێزە هەرێمییەکانی وەک تورکیا، سعودیە و ئیران، کە ڕۆڵێکی نەرێنی دەگێڕن لە هەوڵەکان بۆ چارەسەری ئاشتییانەی قەیرانەکانی سوریا.

٤. جیاوازی دیدگای هەریەک لە ئەمریکا و ڕوسیا لە بارەی ئایندەی سیاسی سوریا و دەستپێکردنی جۆرێک

لە جەنگی سارد لە نێوان ئەو دوو زلهێزەدا(٢٣).
لەلایەکیتر، هەندێک لێکۆڵەر پێیان وایە، وەک هەر کێشەیەکی سیاسی، ناکۆکی و کوشتار و ناسەقامگیریەکانی سوریا کۆتاییان پێدێت و، ئایندەی ئەو وڵاتە لەلایەن ئەو هێزە سیاسییانەوە دادەرێژرێت کە خاوەن هێز، پێگە و دۆزی ڕەوایی سیاسین. هەموو هێزە بەرجەستەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی سوریا بەو ئاکامە گەیشتوون کە جەنگ و توندوتیژی چارەسەری کێشەکان ناکات، بەڵکو پێویستە لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە، جارێکیدی ئارامی و ئاسایش بۆ ئەو وڵاتە بگەڕێنرێنەوە، ئەوەش لە چوارچێوەی کۆمەڵێک هەنگاوی سیاسی یەک لە دوای یەک، کە زەمینەی گۆڕانکاری سیاسی بنەڕەتی لەو وڵاتەدا بسازێنێت(٢٤).
بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ سوریا، بەشێک لە توێژەران ڕایان وایە چارەسەریی کێشەکان تەنها نەبەستراوە بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هێز و یەکە دەوڵەتییانەکەی کە بەشدار و کاریگەرن لە پرۆسەی ئاشتی و گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ وڵاتی سوریا، بەڵکو پێویستە وڵاتانی ڕۆژئاوایی هێزە سیاسی و چەکدارییە نادەوڵەتییەکانی هاوشێوەی کورد و هێزە لۆکاڵییە میانڕەوەکانیدی وەک بەشێکی گرنگ لە چارەسەرییەکان ببین و ڕێگە بدەن بەشداری سەرەکی بن لە بونیادنانەوە و داڕشتنەوەی ئایندەی سیاسی ئەو وڵاتە. لەسەر ئەو بنەمایە، چیدی نابێت وڵاتانی ڕۆژئاوایی پشتگیری ڕژێمی وڵاتانی ناوچەکە بکەن لە پێناو پاراستنی سەقامگیری ناوچەیی، کە بکەری سەرکوتکاری گەلانی خۆیان و کەمینە نەتەوەیی، ئیتنی و ئایینییەکانن، بەڵکو پێویستە کەناڵی هەمەجۆر بدۆزرێتەوە بۆ بەشداریکردنی لایەنە دەرگیر و ناکۆکەکان، تاوەکو بتوانن کێشەکان بەڕێگەی گفتوگۆ و دانوستان لە ڕیشەوە چارەسەر بکرێت، لەو نێوەندەشدا پێویستە هێزی کوردی بکەرێکی سەرەکی ئەو پرۆسەیە بێت(٢٥).
یەکێک لە ڕێگە پێشنیارکراوەکان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ئەو وڵاتە ئەوەیە، کە پێویستە سەرجەم هێزە لۆکاڵی و دەرەکیەکان کە بەشێوەیەکی کرداریی لە ئاڵۆزییەکان بەشدارن بەشێوەیەکی هاوبەش هەوڵی چارەسەری و کۆتایهێنان بە قەیرانەکان بدەن، بۆ ئەوەش وا پێویست دەکات هەموو هێزە دەرەکییە بەشدارەکان لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکەوە هێزەکانی خۆیان لەو وڵاتە بکێشنەوە و یارمەتییەکانیان بۆ هێزە لۆکاڵییەکان بوەستێنن. پرۆسەی ئاشتی لە نێوان حکومەتی سوریا لەگەڵ هێزە سوونی میانڕەو و کوردەکان بەڕێوەبچێت و، سەرجەم ئەو هێزانەی لێدووردەخرێنەوە کە لە تیرۆرەوە نێوەگلاون. هەروەها سیستەمی سیاسی سوریا لە ناوەندگەرییەوە بگۆڕێن بۆ سیستەمێکی فیدراڵی، کە تێیدا ئەو ناوچانەی لە ژێر دەستی کوردەکان بن بە هەرێمێکی سەربەخۆ و، گروپە سونیە نارازییەکان خۆیان ناوچەکانی خۆیان بەڕێوەببەن لە باکوری خۆرئاوا و باشوری ئەو وڵاتە. بەو شێوەیە دەکرێت هەموو ئەو هێزە لۆکاڵیانە یارمەتیدەری یەکدیین لە دۆزینەوەی کۆمەڵێک میکانیزمی یاسایی و دروستکردنی یەکەی حکومی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی نێوخۆی هەرێم و ناوچە سەربەخۆکان و، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ناوەند. ئەم پرۆسەیە وا پیویست دەکات لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانچاودێری بکرێت وەک لایەنی سێیەم، کە سەرپەرشتی گێڕانەوەی ئارامی و ئاسایش، بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری و گەڕانەوەی پەنابەرانی سوری بۆ ئەو وڵاتە بکات(٢٦).
لەپاڵ سیناریۆکان،لەبارەی کیانی سیاسی فیدراسیۆنی دیموکراتی باکوری سوریا، چاودێران و لێکۆڵەران بووچونی جیاواز دەخەنەڕوو. پەیوەست بە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و هێزی کوردی،هەندێک پێیان وایە ئەگەری ئەوە هەیە ئەمەریکا بنکەی سەربازیی تر لە ڕۆژاڤا یان ناوچەی تری دەرەوەی سوریا دروست بکات و وەک جێگرەوەی بنکەی ئەنجیرلیک بەکاریبهێنێت، بەو پێیەی پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ تورکیا ماوەیەکە تا ڕادەیەک

ئێکچووە. هەروەها دوو خاڵی تر جێگەی سەرنجن. یەکەم، ئەگەری هەبوونی پشک لەو نەوتەی لە باکووری سوریا بەرهەم دێت. دووەم، هەبوونی کارت یان پاڵپشتییەک بۆ دیاریکردنی جێدەستی ئەمەریکا لە ئایندەی سوریا، بەو پێیەی لە ئێستادا وا دەردەکەوێت، کە ئەوە ڕوسیا و ئێران و تورکیان، کە بڕیار لە ئایندەی ئەو وڵاتە دەدەن. بۆ تورکیا قورسە وا لە ئەمەریکا بکات، کە لەنێوان ئەو و کورداندا لایەک هەڵبژێرێت، چونکە وەها کارێک پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناتۆ و ڕۆژئاوادا بەگشتی، دەخاتە مەترسییەوە. بۆ ڕوسیا، بە حوکمی بانگهێشتکردنی نوێنەری ڕۆژاڤا و کوردان بۆ کۆنگرەی سوشی، پێدەچێت ڕوسیا بیر لە ئایندەی باشتر بۆ کوردان لە سوریادا، بکاتەوە. جگە لەوەش، پشتگرتنی کوردانی سوریا وا دەکات، ڕوسیا باڵادەستیی بەسەر تورکیادا هەبێت یان بەردەوام بێت. لەبەر نەبوونی ویستی بەردەوامیدان بە جەنگ یان جەنگی درێژخایەن، بۆ ڕوسیا زەحمەتە پاڵپشتی داگیرکردن یان شەڕێکی سەخت لەگەڵ کورداندا بکات.

بۆ کوردان، بەو پێیەی چەند ناوچەیەکیان کۆنترۆڵ کردووە، کە لە بنەڕەتدا کوردنشین نین، وەک ڕەققە و تل ابیض، دەشێت لە ئایندەدا وەک کارتێک بۆ ئاڵوگۆڕ بەکاری بهێنن. هەروەها کۆنترۆڵکردنی بیرە نەوتەکانی وەک ڕمێلان و ئەلعومەریش بۆ دانوستانیان لەسەر پرسی ئۆتۆنۆمی و ئایندەیان لە سوریا، خراپ نیین. بەگشتی، کوردان دەمێننەوە و بەردەوام دەبن، بەڵام لە ڕێی شەڕ و دانوستانی هێزەکانی تریشەوە، ئەگەری لاوازبوونیان هەیە(٢٧).

هاوکات نابێت لێک نزیکبونەوەی ئەم دواییەی ئەمەریکا و تورکیا نادیدە بگرین. ئەو دوو وڵاتە ماوەیەکی زۆرە لەسەر چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی شاری مەنبج هەم ناکۆکن و هەم گفتوگۆش دەکەن. پێشتر تیلەرسنی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاندبوو، کە چیتر بەتەنیا کار ناکەن، یان ئەمان کارێک ناکەن و تورکیاش خەریکی کارێکی تر بێت. واتە ئیتر هەماهەنگی دەکەن. تورکیا بەتەمایە بچێتە شاری مەنبجەوە و چیتر کوردان لەو شارەدا نەمێنن، بەڵام شارەکە ئەمەریکاشی تێدایە. بۆیە تا ئێستا ئایندەی هیچکام لەو سێ لایەنە لەو شارەدا ڕوون نییە. بەگشتی، وەک هەندێک دەڵێن، لەوانەیە لەدەستدانی مەنبج بۆ هێزەکانی سوریای دیموکراتیک(کە لە ئابی ٢٠١٦وە و بە پاڵپشتیی ئەمەریکا ئەو شارەیان لە دەستی ڕێکخراوی «دەوڵەتی ئیسلامی» سەندەوە)، سەخت و دژوار بێت، بەڵام دەتوانن وەک کارتێک بەکاری بهێنن و لەو ڕێگەیەوە باقیی ناوچە و شارەکانی تری ڕۆژاڤا بپارێزن، کە لە ئێستادا ئایندەیان لەسەر چۆنێتیی ڕێککەوتن لەسەر مەنبج وەستاوە(٢٨).

هەرچەند ئەگەری ئەوە هەیە، کە تورکیا و ئەمەریکا لەسەر ڕادەستکردنەوەی مەنبج بە تورکیا لە بەرامبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە نەوت و گازی خۆرهەڵاتی فوراتدا، ڕێکبکەون، بەڵام ماوەیەکە ئەمەریکا ڕێگەی بۆ فەرەنسا کردووەتەوە، کە بێتە ناوەوە و ببێتە بەشێک لە ڕووداوەکان. ئامانج لە هاتنی فەرەنساش، وەک خۆیان دەڵێن، ڕێککەوتنە لەگەڵ کوردەکان و پاراستنیانە، کە ئەوەش تورکیای نیگەران کردووە و لە ئێستاوە هەڕەشە لە هاتنی هەر هێزێکی ئەو وڵاتە دەکات. لەوانەیە هاتنی فەرەنسا، بۆ سووککردنی باری سەرشانی ئەو شەڕە دیپلۆماسییەی تورکیا بێت، کە بەرۆکی گرتووە(٢٩). بە هاتنی فەرەنسا و بەریتانیا (کە پاش سەردانی وەفدێکی پارتی کار لە نیسانی ئەمساڵ بۆ شاری قامیشلۆ، بەڵێنی هاوکارییان بە کوردان دا) هێندەی تر دیمەنەکە ئاڵۆز دەبێت و هەوڵدانیش بۆ خوێندنەوەی ئایندەی سوریا بەگشتی و کوردان بەتایبەتی، قورستر. تەنانەت لە ڕووی سیاسی و جیۆسیاسییەوە دەتوانین باسی قۆناغێکی نوێ لە ئینتیداب بەسەر سوریاوە، بکەین، بەڵام ئەم جارەیان بە سەرکردایەتیی ڕوسیا و تورکیا و ئێران(٣٠).

دەکرێت لە باسی ئایندەی سوریا و پێشبینییەکانی ساڵی ٢٠١٨دا، هەندێک خاڵ زەق بکرێنەوە. یەکەم، هەرچەندە ڕوسیا و تورکیا و ئێران وا دەردەکەون، کە زۆر لەگەڵ یەک ڕێک و کۆکن، بەڵام

بەرژەوەندییان لەسەر لە پاشایی سوریادا، جیاوازە. دووەم، بەگشتی وا دەردەکەوێت، کە لەسەر مانەوەی ئەسەد وەک بەشێکی پێکهێنەری پلانی ئایندەی سوریا، ڕێککەوتبێتن. سێیەم، ئەمەریکا و ڕوسیا وا دەردەکەون، کە لەو دوانەی تر زیاتر مەیلیان لە دروستکردن یان دادن پێدانانی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمیی کوردییە. بەڵام ئێران و تورکیا پێناچێت وەها مەیلێکیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ کورداندا، هەبێت.چوارەم، ئەوەی تا ئێستا سەلماوە، سەرباری لاوازی و ماندوێتیی سوپاکەی، جەنگەکە برێکی زۆر لە بەرژەوەندیی ئەسەد یەکلابووەتەوە و گروپەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەو هێز و تواناییەیان نەماوە، کە بتوانن بەسەریدا زاڵ ببن. پێنجەم، پەیوەندیی کوردان بە ئەمەریکاوە جێگیر نییە، ناکرێت متمانەی تەواو بە ئەمەریکا بکرێت، چونکە پێدەچێت ئەمەریکا بۆ خۆی بەدوای دەروازەیەکدا بگەڕێت، کە لە شەڕەکە دەرچێت(٣١). بۆیە پەیوەندیی کوردان لەگەڵ ئەمەریکا بەندە بە ویستی مانەوەی ئەمەریکاوە لە سوریا، لەگەڵ ئەوەی لەکاتی جێهێشتنیشیدا چ دەکات و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی، بەتایبەتی مەنبج، ڕادەستی کام لە هێزەکان دەکات.

تورکیا و ئێران لەبەر هۆکاری سیاسی، جوگرفی، جیۆسیاسی، ئاینی و ئابووری حەز بە کورد نین، بۆیە سەرکەوتنی کوردان لە هەرکام لەو وڵاتانەی تێیدا دەژین، بە خاڵی نیگەتیڤ و وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان، لەقەڵەم دەدەن. بۆیە هەموو ئەگەرێکیان بۆ کراوەیە، کە لە پرسی ڕۆژاڤا و کوردانی وێدا، یەک بگرن و ڕێکبکەون. بۆ ڕوسیا و ئەمەریکا، ئەوەی گرنگە پاراستنی بەرژەوەندییەکانیانە. لای ئەمان، هێندەی پەیوەندیی بە کوردەوە هەیە، جوگرافیا و ئابووریی خودی کوردان هێندە مایەی سەرئێشە نییە. شەڕی ڕوسیا بۆ مانەوەی ئەسەد و زاڵبوونە بەسەر بەرەی ئەوروپا و ئەمەریکا. بۆ ئەمەریکاش، شەڕەکە بۆ لێدانە لە ئێران و حزبوڵا و هاوشێوە و هاوفکرەکانیان. ئەوەی لە ئێستا و لەمساڵدا زیاتر مایەی سەرئێشە دەبێت، پەیوەندیی تورکیا و ئەمەریکایە لە پەیوەست بە کوردانەوە. تا ئێستا ئەمەریکا نایەوێت و ناتوانێت و نەکەوتووەتە دۆخێکی واوە، کە ناچار بێت لەنێوان تورکیا و کوردانی ڕۆژاڤادا هەڵبژێرێت، بەڵام ئەگەر وەها دۆخێک هاتە کایەوە، ئایا هەڵوێستی ئیدارەی ترمپ چ دەبێت؟ ئایا کوردان دەکاتە قوربانیی پەیوەندییە دێرینەکەی لەگەڵ ئەنقەرە، یان بەپێچەوانەوە؟ ئەوەی تا ئێستا خۆی دەرخستووە، ئەمەریکا دەیەوێت خۆی لە وەها دۆخێک بدزێتەوە و تا ماوەیەکیش بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت.

## پەراوێز و سەرچاوەکان


١. مامەنـد ڕۆژە، باکـوری کوردسـتان، لـە کتێبـی (کوردسـتان و پۆسـت داعـش) لەلایـەن ئـازاد عەلـی، عەبدولڕەحمـان کەریـم دەروێـش و ئەوانیتـر، چاپخانـەی کوردسـتان، سـلێمانی، ٢٠١٦، ل٤٦.

٢. Günter Seufert, The Return Of The Kurdish Question, StiftungWissenschaft Und Politik& German Institute For International And Security Affairs, August ٢٠١٥, P. ٣.

٣. Anne SofieSchøtt, The Kurds of Syria, Royal Danish Defence College, Copenhagen (Denmark), June ٢٠١٧, p. ١٧-١٦.

٤. Mustafa Gurbuz, Future Possibilities for the Kurds in Post-IS Syria, http://arabcenterdc.org/policy_analyses/future-possibilities-for-the-kurds-in-post-is-syria/

٥. Greg Myre, What Is The U.S. Goal In Syria? , Https://Www.Npr.Org/Sections/Parallels/٥٢٣٠١٦٥٢٣/٠٨/٠٤/٢٠١٧/

٦. Rick Gladstone, U.S. Says Syria Has Used Chemical Weapons At Least ٥٠ Times During War, Https://Www.Nytimes.Com/١٣/٠٤/٢٠١٨/World/Middleeast/Un-Syria-Haley-Chemical-Weapons.Html

٧. Jacob L. Shapiro, Russia-Us Relations And The Future Of Syria, Valdai Discussion Club, August ٢٠١٧, P. ١٥.

٨. MinkeMeijndersjaïr Van Der Lijnbas Van Mierlo, Syria In ٢٠١٩: Four Scenarios (Implications For Policy Planning), Netherlands Institute Of International Relations 'Clingendael', November ٢٠١٧, P. ١٥.

٩. Carla E. Humud, Christopher M. Blanchard and another, Armed Conflict in Syria: Overview and U.S. Response, Congressional Research Service, April ٢٠١٨, p. ٢١.

١٠. جهانبخش محبـی نیا، جنـگ سـرد نوین در روابط روسیه و امریکا، پژوهشـنامه روابـط بیـن الملل، دوره (٦)، شـماره (٢٤)، سـال ١٣٩٢، ص ١٠٤-١٠٥.

١١. اسـداله مـرادی و امیرمسـعود شـهرامنیا، حـران سـوريه و امنیـت منطقهای جمهـوري اسلامی ایـران، صلنامه پژوهشـهاي راهبـردي سیاسـت، سـال چهـارم، شـماره ١٥ ،زمسـتان ١٣٩٤، ص١٣٦.

١٢. Angela Stent, Putin's Power Play In Syria, Foreign Affairs, Vol. ٩٥, No. ١, January/February ٢٠١٦, Pp. ١٠٩-١٠٩.

١٣. Paul Rogers & Richard Reeve, Russia's Intervention in Syria: Implications for Western Engagement, Oxford Research Group, ٢٠١٥, p. ٣-٢.

١٤. علـی باقـر یدولـت آبـادی و سـیروانرحیمیدهگلان، بحـران سـوریه: بررسـی انگیزەهـا، مواضع و اینـده کردهـا، فصلنامهسیاسـتخارجی، سالبیستونهم،شـماره ١،بهـار١٣٩٤، ص ١٤٥-١٤٦.

١٥. د. عبـاس کشـاورز لشـکری و هاجـر صادقیـان، سیاسـت خارجـی و مواضع دولـت هـای ایران و ترکیه دربـاره بحـران سـوریه، فصلنامـه پژوهشـهای سیاسـی جهـان اسـلام، سـال سـوم، شـماره چهـارم، ١٣٩٢، ص٨٧-٨٨.

١٦. سـید علـی نجـات، رویکـرد سیاسـت خارجـی جمهـوری اسـالمی ایرانـدر قبـال تحوالـت نویـن خاورمیانـه، فصلنامـه سیاسـت، سـال اول، شـماره چهـارم، ١٣٩٣، ص٧٤.

١٧. علیباقریدولتآبـادی و سـیروانرحیمیدهگلان، مصـدر سـابق، ص ١٤٣.

١٨. سـید امیـر نیاکویـی و حسـین بهمنـش، بازیگـران معـارض در بحـران: سـوریه اهـداف و رویکردهـا، فصلنامـه روابـط خارجـی، سال چهـارم، شماره چهـارم، زمسـتان ١٣٩١، ص١٢٦-١٢٨.

١٩. International Crisis Group Research, Syria's Kurds: A Struggle Within A Struggle, Crisis Group Middle East Report N١٣٦°, Brussels

(Belgium), ٢٢ January ٢٠١٣, P. ٢٩-٢٨

٢٠. قديرنصرى و آرمانسليمى، كردهاى سوريه: الگوى سنجش وزن اقليت، فصلنامهروابطخارجى،سالششم،شماره‌دوم،١٣٩٣، ص٦١-٦٢.

٢١. Jacob L. Shapiro, op. cit, P. ١٦.

٢٢. Carla E. Humud, Christopher M. Blanchard and another, op. cit, p. ١٥.

٢٣. خليلالله سردارنيا و فائزه كياني، تحليل بحران سوريه از منظر شكافهاى اجتماعى، دوفصلنامه علمي- پژوهشي جامعه‌شناسي سياسي جهان اسلام، دوره ٤، شماره ١، بهار و تابستان ١٣٩٥، ص١٢٨-١٢٩.

٢٤. اكبر اشرفى و امير سعيد بابازاده، سياست خارجى روسيه و امريكا نسبت به بحران سوريه، فصلنامه مطالعات روابط بين الملل، سال هشتم، شماره ٣٢، ١٣٩٤، ص٦١.

٢٥. Günter Seufert, op. cit, P. ٧.

٢٦. MinkeMeijndersjaïr Van Der Lijnbas Van Mierlo, op. cit, Pp. ١١-٩.

٢٧. Henry Storey, The Future for Rojava and the Syrian Kurds after ISIS, Foreign Brief, Nov ٢٠١٧ , ٣٠: https://www.foreignbrief.com/middle-east/future-rojava-syrian-kurds/ (accessed ٢٨ May ٢٠١٨).

٢٨. Paul Iddon, Future of northern Syria hinges on US-Turkey Manbij deal, The New Arab, ١٩ Mar ٢٠١٨: https://www.alaraby.co.uk/english/indepth/١٩/٣/٢٠١٨/Future-of-northern-Syria-hinges-on-US-Turkey-Manbij-deal (accessed ٢٨ May ٢٠١٨).

٢٩. EnabBaladi, The Kurds in Syria after Afrin.. Where to? : https://english.enabbaladi.net/archives/٠٤/٢٠١٨/the-kurds-in-syria-after-afrin-where-to/ (accessed ٢٨ May ٢٠١٨).

٣٠. Rami G. Khouri, What next for Syria after the US-led airstrikes? Aljazeera Middle East, ١٥ Apr ٢٠١٨: https://www.aljazeera.com/indepth/opinion/syria-led-attacks١٨٠٤١٥١٠٥٦٤٢٩٨٨-.html (accessed ٢٨ May ٢٠١٨).

٣١. Erin Cunningham, Iran, Russia and Turkey plan Syria›s future as Trump seeks an exit, The Washington Post, ٤ Apr ٢٠١٨: https://www.washingtonpost.com/world/iran-russia-and-turkey-meet-over-syrias-future-as-trump-mulls-troop-withdrawal/٠٤/٠٤/٢٠١٨/c٦٠٧e٢٧c١١-٣٧٧٠-e-٨af٣c٢١٢٣٧١٥-f٧٨df_story.html? noredirect=on& utm_term=.٠٨ac٣f٥e٩fc٧ (accessed ٢٨ May ٢٠١٨).

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS